هەروەها فەرموویەتی : ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ۚ ﴿٣٨﴾﴾ [الأنعام].[1]

واتە : ئێمە لەم كتێبەدا كەمتەرخەمیمان نەكردووە و هیچ شتێكمان بەجێنەهێشتووە تۆمار نەكرابێت .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ ﴿٨٩﴾﴾ [النحل].

---

(١) تێبینی : هەندێك لە زانایان دەڵێن : مەبەست بە وشەی (ٱلْكِتَٰبِ) لەم ئایەتدا بریتییە لە (**القرآن**) ، وە هەندێكی تریشیان دەڵێن : مەبەست پێی بریتییە لە (**اللوح المحفوظ**) نەك (**القرآن**) .

قال الشوكاني : (**قوله** : ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ۚ﴾ أي : ما أغفلنا عنه ولا ضيعنا فيه من شيء ، **والمراد بالكتاب** : **اللوح المحفوظ** ، فإن الله أثبت فيه جميع الحوادث ، وقيل : **إن المراد به القرآن ، أي ما تركنا في القرآن من شيء من أمر الدين إما تفصيلاً أو إجمالاً** ، ومثله قوله تعالى : ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ ﴿٨٩﴾﴾ [النحل] ، ... وأخرج ابن جرير وابن المنذر عن ابن عباس : ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ۚ﴾ يعني : ما تركنا شيئاً إلَّا **وقد كتبناه في أم الكتاب**) [فتح القدير : (٢ / ١٤٣) وانظر : تفسير الطبري والبغوي والسعدي] .

وقد قال الشيخ ابن العثمين رحمه الله : (أيها الإخوة : إن بعض الناس يفسر قول الله تعالى : ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ۚ﴾ على أن الكتاب : القرآن ! **والصواب** : **أن المراد بالكتاب هنا اللوح المحفوظ** ، وأما القرآن فإن الله تعالى وصفه بأبلغ من النفي وهو قوله : ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ﴾) [الإبداع في بيان كمال الشرع وخطر الابتداع ص : (٧ - ٨)].

## * یەکگرتنی نێوان کاربەدەستان و هاوڵاتیان لە (شانیشینی عەرەبستانی سعودیّ)دا باشترین نموونەیە کە چاوی لێ‌بکرێت :

**ئەی موسڵمان** : بەڕاستی ئەگەر ئێمە تێڕامێنێین لە واقعی ئەم وڵاتە کاتێك کە گرنگی و بایەخ پێدانی سەرکردەکان بە کاروباری میللەت دەبینین و بەخشینی ئەوەی کە گرانبەها و بە نرخە لە پێناو ئاسوودەیی و سەلامەتیان و دوورخستنەوەیان لە فیتنە و ئاشووبەکان ، ئەنجا هەروەها ئەوەی کە دەیبینین لە یەکگرتنی هاوڵاتیان لەگەڵ کاربەدەستانیان و ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان کاربەدەستان و هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتیان و ئەوەی کە ئەمە بەرهەمی هێناوە لە ئەمن و ئاسایش و بەرقەراربوون و دامەزران و جێگیربوون ئەو کاتە دەزانین کەوا ئەمە ئەو نموونە حەقەیە کە پێویستە ئەو وڵاتانەی وا گرفتارن بە دەست کێشە و شڵۆژانەکانەوە چاوی لێ‌بکەن لەم بارودۆخە ناهەموارەدا .

